# پاسە سوورەکە

**هیوا قادر**

091208

*"ناو پاسەکەی نێوان سکانسن و سەنتەری شاری ستۆکهۆڵم"*

ئاسمانەکە شین بوو

زەویش سەوز

تۆ پاڵت بە درەختێکەوە دابوو

کە گوڵی سپی داپپۆشیبوو،

من خۆم لە چاوی تۆدا ئەبینی

بەڵام من لەوێ نەبووم.

تۆ شەوێک بە تەنها

لەسەر کورسی باخچەکە

دانیشتبوویت،

چاوەڕێی ئەوەت ئەکرد

من لەسەر مانگەوە

دەستێکت بۆ هەڵبڕم.

تۆ زۆر تەنهایت

منیش هەمیشە وام.

تۆ خۆت  ووتت
کە جامە ئاوەکەت بە دوامدا
ڕشتبوو
بۆنی دوای باران لە خۆڵەکە هەستابوو،
ئەو کاتە خۆزگەت خواردبوو
نە بۆنی خۆڵی دوای بارانت بکردایە و
نە ئاویشت بڕشتایە،
بەس تەنها من نەڕۆیشتمایە.

ئەمانە هەمووی خەیاڵ نین،
ڕاستیش نین،
شتێکن کە دڵ پێت ئەڵێت
ئەوەی لە دەرگا ئەدات،
ئەبێت هەر من بم نەک کەسی تر.

ئاودانی گوڵەکان بەدەستی تۆ
ئاوی دەریا کەمناکاتەوە،
هەم سەگەکەی دراوسێمان و
هەم پشیلە بەرەڵاکەی کۆڵانیش
ئەوەندە ئاویان ئەبێت ئەمڕۆ بیخۆنەوە،
تۆ دڵت بەوە خۆشبێت
دەنکە گێلاسەکان گەڵاکانیان لەبەر تیشکی خۆرەکە

خستۆتە سەرچاویان

خنە خن

لە خۆشی میهرەبانییەکەی تۆ

سوور هەڵگەڕاون و پێئەکەنن.

تاڵێ لە قژە خەناوییەکەت

کە بۆنی مێخەکی لێ دێت،

بیخە ناو ئەو لاپەڕە کراوەیەی دیوانەکەوە

کە لەسەر شیعرێکە باسی تۆ ئەکات،

پیش ئەوەی بچیت جزووە قاوە هەڵچووەکە

لەسەر ئاگرەکە لابەریت،

با جلکانی سەر تەنافەکە ئەجوڵێنێتەوە

ئەزانم کە ئێستا باران دا ئەکات.

من ئەڕۆم،

بەڵام ئەو کاتەی کە هەنار گوڵی گرت

دێمەوە،

چەند خۆشە تۆش لەوێ بیت،

بۆ ئەوەی بزانیت هاتنەوەی من

هۆی ئەو هەموو خاڵخاڵۆکانە بوون

کە تۆ ئەتناردن بە دوامدا،

ڕەنگە بشڕۆمەوە و ئیتر نەیەمەوە

له داخی ئەو خاڵخاڵۆکەیەی

بە زنجیرێکەوە بە ملتەوە هەڵتواسیوە.

پاسە سوورەکە

تا بەندەرە شینەکە هێنامی.

ئێرە بۆنی ماسی لێدێ،

مراوییە پەڕ چەورەکانی ئێرەش

چاویان لەو وردە سەمونانەی دەستی پیرێژنەکانە.

ئەگەر تۆ لێرەبوویتایە

نە باسی ماسیمان ئەکرد و

نەلای مراوییەکانیش ئەوستاین،

بە پاسە سوورەکە هەموو شار ئەگەڕاین و

لێشم ئەشاردیتەوە، پێش ئەوەی بێیت

دڵم لێیدابوو کە هەر دێیت.

من زۆر تەنهام

تکایە مەڵێ منیش،

دەنا تەنهایی دێتە نیوانمانەوە و

پیاسەکەمان لێ تێک ئەدات.

وا پاسە سوورەکە هات!.